# پەیڤێک بۆ نووسینەوەی جوانییەکانی عەبدوڵڵا پەشێو



محەممەد خدر مەولود

پەشێو، خۆی دەڵێ (من بۆ شیعر خوڵقاوم)، ئەو پەیڤە ڕاست و ڕەوانەی ئەو گوزارشتێکی تەواوە لە خودی خۆی، لە خودێک کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ ئەڤین و جوانی پەرستن و خۆشەویستی نیشتمان و ئافرەتی شۆخ و سەربەخۆ خوازی، عاشقە زمان و داهێنانی تێدایە.. سیمبولە نەتەوەییەکان لە ئاڵاو و ڕابەرو ڕەوایی کێشەی پیرۆزو مەرجەعیەتی تێکۆشان و خەباتی سەربەخۆ بوون، بابەت و کێشەی شاعیرن و دوور لە حزبایەتی پرۆسەی کردوون..

پەشێوی ترساو لە حزبایەتی تەسک و تەفرەدراو بۆ لەڕێی لادان لە ستراتیژییە نەتەوەییەکان و شکاندنەوە بەلای ستراتیژیەتی گروپ و مەرەخسە کردنی ئامانجە گشتییەکان لە پێناو ئامانجی تاکەکان لە شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ چەندین ئەزموونی پێ بەخشیوە، تا بەرادەی ئازاردانی ویژدانی ئانارامەو هەدادانی لەبەر دووبەرەکی و گرووپکاری لێ براوە، ئەوەیان سیفەتێکی باڵای هەستکردن بە دۆزە پیرۆزەکەی نەتەوەیە کە لە ساتی هەست بەخۆکردنیەوە لەژێر جەورو ستەمی داگیرکردن و دابڵۆسینی مافەکانی دەناڵێنن..

هەمدیس لە شیعری پەشێودا جوانییەکانی ژیان و مرۆڤ بوون دەبینینەوە.. جوانیەکانی ئافرەت و ئێش و ژانەکانی ئەڤینی.. بابەتە فەلسەفەییەکانی ئەمری و مەرگ و ژیان و ئیگەرانی خودو خۆشەویستی نیشتمانی و فکری نەتەوەیی سەربەخۆیخوازو شاد بوون بەو ئامانجانەی ژیان شادو بەختەوەر دەکەن و جوانیەکانی خاک و ئافرەت جوانترو قەشەنگتر دەکەن ئاسۆی هزروبیر فرەوانتر بەرەو ئاقاری داهێنان و ئەفراندنەکانی بوارە هەمەجۆرەکانی ژیان دەبەن. هەڵبەتە ئەوەیان خەباتێکی هزری و ڕۆحی ڕەوایەو لەو ڕۆشناییەوە دێت کە لەنێو هزرو ئاخدا دروست دەبێت و هەنگاوەکان و بینین و ڕوانین بۆ ئایندە ڕووناک و ڕۆشن دەکاتەوە. گرفتی عەبدوڵڵا پەشێو لەوەدایە، ئەو دەیەوێت هەموو ئەمانە لەنێو هاوکێشەی شیعردا پرۆسە بکات، شیعریش (ئەو پێداویستیە ئازک و هونەرییەی کەتا ئێستاش وەڵامی بوونی نەدراوەتەوە) گرفتەکەش پەلوپۆدارتر دەبێت کاتێ ئەرکەکانی شیعر لای ئەوی شاعیر یا یەکێ لە ناسنامەکانی بریتی بێت لە دەستبەردارنەبوونی لە دواندنی گیانی شەکەتی مرۆڤ، وروژاندنی گەلێ پرسیار و دۆزینەوەی کلیلی دەرگا داخراوەکان لە گیرفانی ئەو ئازک و ناسک و ئازدارە

پەیامدارە.

پەشێو لە شیعردا، نالی ئاسا دێتەگۆ، حەزرەتی نالی کە دەڵێ:

**ضابیطەی طەبعم سوارە، ئیددیعای شاهیی هەیە**

**موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا**

ئەو ئیددعایەی پەشێو بۆ وەدەست هێنانی (تێکرایی یا گەورەیی ) یا بوون بەشاهی شاعیران، دوای بوونی دیوانی گەورەیی یا دیوانی شیعرییەوە دێت، ئەوەی خاوەن (٧) کۆ شیعر و شاکارو شیعری دانسقەی وەک (دوازدە وانە بۆ منداڵان). (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە، سەدان ساڵە، سەربازی ون، زیندان، ژیانی شەوانی کەنداڵ، وارشۆ، شەوتوێژی ئامۆیی و ئەخشەو.. تد) و چەند شیعری ئاسک و نازداری دیکەی دانسقەو شۆخ و شەنگ کە لە جوانیا شان لە شانی شاژنی جوانی و کیچی ئەشمیل و دڵرفێنترین دیمەنی کوردستان دەدەن، ئەوی شاعیری تێکرایی و گەورەیی، دیدوبۆچوون و روانینێکی گشتی بۆ بابەتەکان هەیەو دەبێت.. لە شاکاری (سەربازی ون)دا هەموو بستە خاکێکی کوردستان و بەردەرگای (مزگەوت) و (کلێسە)کانیش وەکو یەک بەشایانی بوون بە (گۆڕی سەربازی ون) دەزانێت، بەپیرۆزکردنی هەموو بستە زەوییەکی خاکی کوردستان بەدانانی تاجە گوڵینە، گەر لە سایەی ساڵەهای خەبات و خوێنی شەهیدان بێت لەوا لە پرۆسەی شیعریشدا لە روانینی فرەوان و رامانی قووڵەوە دێت بۆ سەرجەمی لایەنەکانی بابەتە شیعرییەکە، ئەوەیان نووسینەوەیەکی دیکەیە بۆ مانای ئێستاتیکی، گواستنەوەی جوانیەکانی ژیانیش بۆ نێو پرۆسەی شیعری مانار واتایەکی دیکە بەئێستاتیکا دەبەخشێت.. چەمکێک تەنها لە شیعردا دەدۆزرێتەوە.. پەشێویش ئەو جوانی و ئێستاتیکایەی لە دەقەکاندا هێناوەتە دی:

**چ ئەستێرە بەندانێکە**

**مانگ پڕ بەسی وا سامالی شێن هەڵدەمژێ**

پەشێو وێڕای گەیاندنی شیعرو جوانیەکانی مانای شیعری، جگە لە بەشیعرکردنی رووداوەکان، ئەوانەی دەبوون بێن بەشیعرو شیعری گەورەشیان لێ کەوتەوە.. هەمیشە لە هەوڵی نوێ و تازەدایە. لە هەوڵی گەیاندنی گەوهەرەکانی دەریایە.. بەڵام بەهێمنی و پشوودرێژیش گەوهەرەکان هەڵدەرێژێ. با هەر شیعری (گەوهەر)بەنموونە وەربگرین..

**گەر بەدەریابێ**

**چی لە ناخدایە دەیدایە شەپۆل.**

**گەر بەشەپۆل بێ،**

**چی لەناخدایە دەیدایە کەنار.**

**کەچی، لە ساڵان، لە مانگان جارێک،**

**دەنکە گەوهەرێک بەشەپۆل دەبڕێ،**

**ئەویش دەیخاتە کۆشی کە نارێک!**

**پەلەم لێ مەکەن!**

**منیش پێلێکم،**

**بێ ئۆقرەو ئارام، هەردەم بەرێوە**

**بەدەگمەن.. دەریا**

**دەنکە گەوهەرێک لە مستم دەنێ،**

**ئەویش رادەدەم بۆ کۆشی ئێوە!**

باس کردن لە پەشێو و شیعرەکانی دەمانگەیێنێتە سەر هەڵوێست و گەورەیی ئەو هەڵوێست و وەستانە گەورەیەی بەرامبەر کێشە پیرۆزەکانی ناوخۆیی هەیبوو و هەیەتی بەتایبەتیش بەرامبەر شەڕی ناوخۆو نەبوون بەسێبەر و ئاپۆ و بڵندگۆی هەموو جۆرە بانگەشەیەکی شەڕ..

دەبێ دوور لەوروژاندن و رازی کردنی ئەم و ئەوی رەخنەگران تیشکێکی رووناکی پانتایی فرەوان بخەنەسەر ئەو هەڵوێستە مەزنانەی پەشێو لەئەنجامیش دا وایکەن رۆشنبیرو شاعیرانی شەڕکەرو ئاگرخۆشکەر خۆیان داوای لێبووردن لەخوێنەرو میللەت بکەن. شار، بابەتێکی دیکەی جوانییەکانی شیعری پەشێوە، کەبەجوانی شارو دیمەنەکانی شارە ئەورووپییەکان لەشیعردا پرۆسەی کردووە.. پەشێوی خەڵکی گوندی بێرکۆتی دوێنێ ی هەولێرو گەورەبوو و چارکراوەی

گەڕەکی تۆپخانەی قەڵاتی هەولێرو گەڕەکەکانی سێتاقان و پاشان بوون بەمامۆستا لەگوندی کەندالی دەشتی بەپیتی هەولێر، ژیان لەمۆسکۆ و ئەلمانیاو شارو وڵاتانی دیکەی ئەورووپی، ئەوی عاشق بەشیعرەکانی ویتمەن، وەکو والت ویتمەن جوانی و جەنجالی و هیلاکی و دیمەنە دژە بەبازارەکانی شارەکانی ئەورووپای کردۆتە شیعر، شیعرەکانیش هەموویان بۆ شیعری کوردی بابەتی تازەن..

لەمێژووی شیعری کوردیماندا نالی مەزن دوای دەرچوونی لەسلێمانی و چوونی بۆ حەج، غوربەتی بۆ شارەزوور هەڵدەستێ و چامەیەک دەنوسێ، گۆرانی لوتکەش بەهۆی نەخۆشی دەچێتە مۆسکۆ و شیعرێکی جوان بۆ (مۆسکۆی جوان) دەنووسێ، هەژاری مەزن لەتاو ئاوارەیی و دەربەدەری شاکاری (بەرەو موکریان) دەنووسێ لەنێو ئەم شیعرە مەزن و شاکارانەو چەندین شیعری دانسقەی تر شاران و وڵاتان، دەبنە ئەو بابەت و میتافۆرە تازانەی شیعری کوردی و خەرمانە شیعرییە نوێیەکەی کوردیمان دەوڵەمەندتر دەکەن. با پێکەوە دیقەت لەم وێنە شیعرییە هونەرییەی پەشێو راگرین:

**بێنە ماچ کەم**
**ئەو کولمەی دەیان بەهارە**
**جێ رنۆکی پشیلەیەکی**
**ترسنۆکی وەک هیتلەری**
**پێوە دیارە..**

ئەم شیعرەی پەشێو بۆ (وارشۆ) نووسراوە، وارشۆی وێرانبووی سەردەمی شەڕی دووەمی کابرایەکی فاشی وەک هیتلەر.. چواندنی وێرانکردنی شارەکەو پاشماوەی سووتان و وێرانەکە بە (جێ رنۆکی پشیلە) جوانی شارو پاراوی و گەشی بە (کوڵم)ی ئافرەتی شۆخ و شەنگ، پێمانەوێ و ئەمانەوێ وێنەی شیعری تازەن و لەخەیاڵ و ئەفراندنی هزرو ئاخی شاعیرەوە سەریان هەڵداوەو دروستکراوی دەستی ئەون..

پالەشیعری (مۆسکۆ) دا ئاخی خۆی هەڵدەکرێنێ:

**تائەمڕۆ چەندجار**
**دڵی بێلانەم، بۆ شۆڕە شیعرێ،**
**داخورپا، لێی دا،**
**وەک زەنگی دێرێک بۆ نوێژ لێ بدرێ.**
**«ئەمڕۆنا، سبەی...»**
**«ئەمڕۆنا، سبەی..»**
**ئەی زمانەکەم!**
**خۆ ئەتۆ پەیکی بەستەو بلێسەی،**
**کەی لەداوێنی پەیکەری پۆشکین**
**مۆمێک پێ دەکەی؟**
**ئێ دەکەی؟**
**کەی**
**کەی لەکلێسەی**
**شێرو ئەوینی ئەم ئازدارەدا**
**زەنگێک لێ دەدرێ؟**
**لێدە، دەی!**
**دەی!**

لەم شیعرەی پەشێو(مۆسکۆ) گەر روخسارو شێوەی دەق بەئاسانی خۆی بداتە دەستەوەو دیوی دەرەوەی بەئاسانی بخوێندرێتەوە، بەڵام لەدیوی ناوەوەیدا تەقینەوەی وێنەو ریتم و ئیقاعی وشەو مۆسیقای دەرەوەی دەق و گواستنەوەی بەهۆی وشەوە بۆ ناو دەق دەخوێنێتەوە، سەرباری تەقاندنەوەی حەزەکانی نێو ئاخی شاعیر..

ئەمەش(شاعیرو شار یا پەشێو و شار) بابەتێکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوەو شرۆڤەی شیعری هەڵدەگرێت و پێویستی بەلێکۆڵینەوەی فرەوانتر هەیە..

سەرچاوە
١- بروسکە چاندن.، شیعر عەبدوللا پەشێو سوید ٢٠٠٠ .
٢- بەرەو زەردەپەڕ،، شیعر عەبدوللا پەشێو، سوید ٢٠٠٠ .
٣- گوفاری رامان دیمانەی عەبدوللا پەشێو، سازدانی ئازاد عبدالواحید، محمود زامدار، محمد خدر مولود، ژمارە ٧٨ کانوونی دووەم، ٢٠٠٢ .
٤- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، د. مارف خەزنەدار، بەغدا ١٩٧٧.